پشووی ڕۆژانی سەرژمێری لە کوردستان دەڕۆکرایەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، هەمن میرانی، ئەندامی ژووری ئێپراسیۆنی سەرژمێریی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان وتی: ژوورەکە بە مەبەستی تەواوکردنی پرسی سەرژمێریی، پشووی فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ناوخۆ تا 10ی کانوونی یەکەم دەڕۆ دەکاتەوە بۆ ئەوانەی گەڕاونەتەوە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان (ناوچەکانی ماددەی 140) بۆ ئەوەی فەرمی دووەم لە دوای قەدەغەی هاتوچۆ پێ بکرێنەوە.

ئەو ئەندامەی ژووی ئێپراسیۆنی سەرژمێری دانیشتوان لە هەرێم ڕاشیگەیاند: لە دوای تەواوکردنی فەرمی یەکەم کە لە چوارشەممە و پێنجشەممە پشتڕاست کرایەوە، قەناغێکی دیکە دەست پێدەکات کە زانیاری زیاتر و پێویستە لایەنی کەم یەکێک لە ئەندامانی خێزان لەو شوێنانە بمێننەوە و هەموو بەگشتی ئەندامانی خێزانیان لا بێت و فەرمی دووەم بە دروستی پڕ بکەنەوە.

هەمن میرانی بە میدیای پارتی ئەوشی خستەوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی ئەو کەسانە بە ڕاوێیی دەهێنێتەوە، تا ئەو کاتی تەواوی پرسی سەرژمێریی تەواو دەبێت.